به ناوی کوردستانی گەورە .

ح. س. سۆران
soransa@hotmail.com

تاران - ٢٧٠٨/٥/٣٠

## چۆن بۆکان بو بە شار ؟

هەروەک زۆرمان دەزانین ، بۆکان ( شاری حەوزە گەورە) ، تا نزیکەی سەد ساڵ پێش ، وەک گوندێکی گەورە وا بو ، کە بە کوردی پێی دەڵێن" شارەدێ "، ئەو کاتە خەڵکی ناوچە بە ساباڵغ (مەهابادیان) وتوە شار ،نەک بە بۆکان . بۆکان بە چەشنی فەرمی بەشێک بو لە شارستانی مەهاباد . بۆ وێنە ، ئەگەر کەسێک کاری دیوانی یا کڕین و فرۆشتنی گرنگی ببوایە ، زۆرتر دەچو بۆ مەهاباد و ئەگەر لێیان دەپرسی دەچیتە کوێ ، بە زاراوەی مەهابادی دەیوت " دەچمە بۆ شاری " ، ئێستاش هێشتا بەساڵ دا چووانی ناوچەی بۆکان زۆریان بە مەهاباد دەڵێن "شاری" ، بۆ وێنە خەڵکی گوندی " یەکشەوە " ی بۆکان . هەتا بیری منداڵیم بڕ دەکا و وەک خەون دێتە بەر چاوم ، نزیکەی شەست ساڵ پێش ، بۆکان جێگەیەکی چکۆلە بو ، کە با بڵێم پانتایی لەم نوختانە تێ پەڕ نەدەبو :

١- لای ڕۆژهەڵاتەوە : کاروانسەرای ڕەشیدە سوور ، کە ئێستا پێی دەڵێن ماڵی ڕەشیدە سوور .
٢- لای ڕۆژاواوە : نە گەیشتو بە ئاشی خانم ، زۆری دەما بگاتە چۆمی تەتەهو .
٣- لای باکوورەوە : مەیدانی گاراژ .
٤- لای باشورەوە : حەوزە گەورە ( ئەوپەڕی، ڕەنگە تا کەبابی فەقێی ئێستا ) .

بەڵام نووکە( ٢٧٠٨ ی کوردی) ، بە گۆترە دەڵێن خودی شارەکە نزیکەی دوسەهەزار کەس حەشیمەتی هەیە ، خاوەنی بە دەیان سەدان کۆڵان و شەقامە و پارک ، بازاڕی گەورە ، پاساژ ، دووکانگەلی فرە و فراوان ، چەند شارۆچکە ، بە دەیان گەڕەک و ئەوانەی هەیە و دەکرێ بڵێین یەکێك لە شارە مام نێوەندی ( نەک ناوەندی ) یە کانی کوردستانی گەورەیە ، تەنانەت میراوا ، عەلیاباد (چاوان) ، حەسار و چەند گوندی دیکە ، کەتوتە نێو شاری بۆکانەوە .

ئەم نووسراوەیە ، سێرەی لەوە نەگرتوە کە بارودۆخی ئێستای بۆکان ڕاڤە بکا . ئامانج ئەوەیە ،ڕابگەیێنێ چی بوەتە هۆی ئەوەی ، کە لە نێو گوندە زلاکانی دیکەی ناوچەدا ، وەک تیکان تەپە ، شاریکەند ، داربەسەر ، عەمبار و ئەوانە دا ، بۆکان وەک کارگ هەڵتۆقێ و بارودۆخێکی وەها بێتە پێشەوە ، کە تەنانەت زۆر لە خەڵکی ئەو دێیانە و زوربەی گوندەکانی دیکەی ناوچە ، بێنە بۆکان . پێویستە ئاماژە بەمە بکەم کە ڕەنگە ٩٥ لەسەدی خەڵکی ئێستای بۆکان ، لە دەوروبەرەوە هاتوون بۆ ئەوێ . ڕەنگە خوێنەری بەڕێز ئەم پرسیارەشی ببێ " ئەدی بۆ باسی ڕیشەی ناوی بۆکانت نەکرد ؟" ، بە بیر و ڕای من دەبێ لە فەرهەنگی تورکی و مغوولی دا بۆ ئەو ڕیشەیە ، بگەڕێی چون زوربەی گوندەکانی نزیکی بۆکان ناوی تورکی و نا کوردیان هەیە، وەک : شێخلەر ، ئاڵباڵاغ ، داشبەند ، ئووچتەپە ، تورکمانکەندی ، داشبەند ، تەرەغە ، بۆگەبەسی ، تورچان و بە سەدان ناوی وا .

به بۆچوونی من ئەم خاڵانە ، بوونە هۆی ئەوە که بۆکان لە نێو گوندەکانی دیکە دا ، بو بە شار و دێکانی دی کز بوون :

١- هەڵکەوتن لە سەر رێگەی ترانزیتی نێوان تەورێز/ورمێ و کرماشان دا .
٢- بوونی کار و ئیشی زۆر تر ، لە چاو گونەکانی دی ، لەگەڵ دووکان و بازاڕ و پاک و خاوێنی زیاتر .
٣- زەبر و زەنگ و گوشاری خاوەن گوندە کانی دیکە . چون لە بۆکان باوەکو چکۆلە بو ، بێگار و مێگار نەبو و هەر کەس دەهات ، خانووبەرەیەکی دەکڕی و ئاغاو کوێخای خۆی ، خۆی بو .
٤- رادەی زۆری دانیشتوانی جوولەکە لە بۆکان ، کە لەباری ئابووری و پیشەسازیەوە ، لە پێشتر بوون .
٥- باری باشی ئابووری و ئێکۆلۆژیکی گشتی و بوونی برێک دووکان و بازاڕی کۆن .
٦- هەڵکەوتن لە سەر لێواری رووباری تەتەهو ( سیمینە روود) .
٧- وریایی هۆشیاری ئابووری و ئاوەدان کاری خەڵک و خاوەنەکانی بۆکان .
٨- هەڵکەوتن لە نێوەراست و نێوەندی ناوچەکەدا ، بۆ وێنە لەچاو گوندی شاریکەند یا داربەسەر و ئەوانە ، کە زۆر پەڕ و دوورتر بوون .
٩- نزیکی لە باغی بڵاڵووک (ئاڵوباڵو) ، سەوزیخانە و ئەو هەموە زەویە بە پیت و قۆپیە باشانەی میراوا .
١٠- بوونی پردی میراوا ، کە ئەم بەری موکریانی بەو بەری موکریانەوە پەیوەندی دەدا . لە جێگەکانی دی ، تا جێگەیەک من لە دەزانم ، پرد نەبو ، هەر گەمی ( لۆتکە) بو ، کە وشەیەکی رووسیە .
١١- بوونی بازاڕێکی زەمەنی ئاژەڵ ، لە حەوتەیەک دا رۆژێک . کە ئەو رۆژە حەشێمەتێکی زۆر بۆ کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ و شت ، روویان لە بۆکان دەکرد . لەو گوندە نزیکانەی دیکە بازاڕی ئاژەڵی وا هەر نەبو ، تا گوندی قەباغکەندی کن میاندواو . ئەو بازاڕە هی ئاغاکانی ( خاوەنەکانی) بۆکان بو و زۆر جار دەیان دا بە ئیجارە . تا لە بیرمە ، زۆر تر بەرێزێک بە ناوی "رەشیدی رۆستەم پاڵەوان " ، لە لایەن ئاغاکانەوە ، ئەم بازاڕەی سەرپەرشتی دەکرد و پیتاکی بازاڕەکەی خڕ دەکردەوە .
١٢- بوونی ئاسنگەری زۆر باش و بازارۆکیکی ئانسنگەری ، کە کەش و هەوایەکی پیشەسازی تری بە شارە دێی بۆکان دابو . لە زوربەی گوندەکانی ناوچەوە ، وەرزێرگەل بۆ دروست کردن و سەرکردنی گاسن ، دروست کردنی پێمەڕە ، شەن و کەرەسەی ئاسنەواڵە( فیلیزی) کشتو کاڵی ، پێویستیان بە بۆکان دەبو .
١٣- بوونی هێندێک کەرەسە و ئامرازی سەرەتایی پزیشکی و دەرمانی ، کە لە گوندە کانی دی کەمتر دەبینران ، وەک ددان سازی ، داو و دەرمان فرۆشی و شتی وا .
١٤- بوونی نێوەندێکی فێر کردن و بار هێنانی خونچیلانە ، کە وا بزانم بەهەشتی شێخ حەسەنی کازمی ، بەرپرسی بو . لە ئەو کاتە دا سەر قەڵای سەردار ، قوتابخەنە بو ، بەڵام گوندەکانی دی ، قوتابخانەی ئەمڕۆیی لێ نەبو ، مەگەر قوتابخانەی فەقێیان ، کە تایبەت بە وانەی ئایینی بوون .
١٥- نێوەندێکی ژاندامیری ( ئەمنییە) ، لە بان قولە ( تەپۆلکە)یەک بو ، کە بە ناو بۆ راگەیشتن بە کاروباری دادگەری خەڵک دروست کرابو ، بەڵام ئەو کاتەش بەرتیل و سەربڕینی مەلی داد و دادگەری ، کڵاشەی دەکرد ، تاقە ژاندارمێکی بۆکانیشی بە دەگمەن لێ گیر دەکەو ت ، زوربەی عەچەم و مەمەجەم بوون !!!
١٦- زۆر شتی دیکەش ، کە یەکێک لەوانە ، پێتەخت بوونی ێشوی سەدارەکان بو .

ئەم شتانە ، کارێکی وایان کرد ، بۆکان وردە وردە ، وەک شارێکی چکۆلانەی لێ هات و خەڵک لە باتی کشت و کاڵ ،روویان کردە دووکانداری ، پیشەسازی ، کاروباری شارنشینی . تاجێگەیەک لە بیرم ماوە ، رەنگە ئاخرین جووتبەندەی بۆکان ، کاک میرزا بو ، برای کاک حەمەرەسووڵی پاسەبان .

ئێستاش رەوڕوی کات و سات لە سەراسەری گیتی دا تاقە خولەکێک نا وێستێ ، لە بۆکانیش هەر وایە ، بەڵام بزانین لە پاش نیو سەدەی دیکە ، ئەمجار نەوەکانی ئێمە چ مێژوویەک تۆمار دەکەن ؟